# تەنیا سەربەخۆیی زامنی مافە زەوتکراوەکانی کورد دەکات

«ماف نادرێت، دەسەندرێت» ئەوە وتەیەکی باوە و باس لە واقیعی ژیانی نەتەوەی کورد دەکات و هەموو تاکێکی کورد وەك نەتەوەیەکی ستەملێکراو ئەم رستەیەی لا پەسندە و دەخوازێت بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد، هەنگاو هەڵبگرێت. کوردستانییان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەدان ساڵە گەلی کورد بە خەباتی مەدەنی و چەکداری داکۆکی لە خاك و نیشتمان و مافەکانی کردووە، پێویستە وڵاتانیش ئەو خەباتەی کورد لەبەرچاو بگرن و ئەگەر هاوکاریشمان ناکەن، با لانیکەم دژایەتی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان نەکەن، هەتا بە هێز و توانای بەرز و ئیرادەی پۆڵاییینمان ببینە خاوەنی سەروەریی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان و رزگارمان بێت لەوەی هەر جارەو بە بیانوویەک هێرش بکەنە سەرمان و هەوڵی سڕینەوەمان بدەن و جیهانیش بە کێشەی ناوخۆیی لە قەڵەمی بدات. هەر لەو بارەیەوە هاووڵاتییان بۆچوونی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

**مستەفا حاجی سیامەند:**

## تەنیا سەربەخۆیی دەردی بێدەرمانی کورد چارەسەر دەکات



سەربەخۆیی تەنیا چارەسەری دەردی بێدەرمانی کوردە، هەموو شتێکمان تاقی کردەوە، بەڵام هیچیان سەری نەگرت، هیچ کات لە برسان نەمردین و ئەمجارە سەربەخۆیی ڕانەگەیەنین، بە ژیانمان چاومان بەو هەلە ناکەوێتەوە، دڵنیام هەموو خەڵك بە پیر و گەنج و گەورە و بچووك لە پشت هەوڵەکانی سەرۆکی کورستانن، چونکە ئەو خەمەی گرتۆتە ئەستۆ تا دەبینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان، بۆیە دەبێت لە برسێتیی و ناخۆشیشدا هەر لەگەڵ سەرۆك بین. لێرەوە داوا دەکەم پاشەکشە لە مافەکانمان نەکەین. سەربەخۆیی مافی ڕەوای هەمووانە و نابێت دەستبەرداری هەوڵەکانمان بین. ئێمە شایانی سەروەریی وڵات و نیشتمانی خۆمانین، تاکەی مافمان زەوت بکرێت؟ بۆ رزگاربوون تەنیا پێویستیمان بە یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی هەیە، بۆیە لە ئێستاوە تا هەتایی دەبێت لەو هەوڵە بەردەوام بین و هەرچی پێویست بوو، کاری بۆ بکەین، کورد نەتەوەیەکی گەورە و بەهێزە و خاوەن ئیرادە و توانایەکی بێ شومارە، بۆیە مافی خۆمانە کە داوای دەوڵەت دەکەین.

**دکتۆر سامان سۆرانی:**

## سەربەخۆیی کوردستان فاکتەرێکە بۆ سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین



ئاشکرایە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەسەڵاتداران و لایەنێکی بەرچاو دژ بە مافی چارەنووسن و دژایەتی ئازادی دەکەن و ڕێگرن لە سەرهەڵدان بۆ گەیشتن بە ئازادی. بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسیش دوو ڕێگا هەیە: یان دەبێ هێز بەکار بهێنرێ، یان بە شێوەیەکی ئاشتییانە کاری بۆ بکرێ. ڕێگای ئاشتی سەختر و درێژترە، چونکە مەرجی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی پێویستی بە سەردەستی چەمکی دیموکراسیەت و ڕەگداکوتانی نەریتی دیموکراسی لە ناو کۆمەڵگە و دەوڵەتە، سەرەڕای هەبوونی چینێکی سیاسیی دیموکراتخواز لە هەردوو بەرە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە. لە عیراقدا ئەم مەرجە سەرەکییە هێشتا پێ نەگەیشتووە و کۆمەڵگەی عیراقی بە درێژایی تەمەنی بە ژیانی دیموکراسییانە نامۆ نەبووە. پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ مومارەسەکردنی سیاسەت پەیوەندیەکی لاوازی بە دیموکراسی ڕاستەقینە هەبووە، تەنانەت پرۆسەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنیش بە دادپەروەری و مافپەروەری بەڕێوەنەچووە. لەهەمووی گرینگتر، چینی سیاسی جیبەجێکار و دەسەڵاتدار لە بەغدا، کە بریتییە لە هێزی ئیسلامی سیاسی دیموکراسی نییە. ئەو چینە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی هێز و حزبە گشتگیرەکان دژایەتی دیموکراسیەت دەکات. گەلی کوردستان لە ٢٥-٩-٢٠١٧ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسییانە بڕیاری خۆی بۆ سەربەخۆیی دا. ئەم بڕیارە تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی بلیتی جاڕدانی دەوڵەت نەبووە، بەڵکو بۆ پاراستنی سەرجەم ئەو بەها مرۆییانەیە بووە، کە گەلی کوردستان ماوەی زیاتر لە سەدەیەك خەباتی بۆ کردووە، لەوانە پاراستنی سەروەری مافی نەتەوە و کەمینە نەتەوایەتییەکان، پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراسی و گەشەسەندن و پاراستنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و چەسپاندنی چەمکی هاووڵاتیبوون و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. پێویستە ئەم بەها گەردوونییانەی گەلی کوردستان پارێزگاری لێ دەکات و لە واقیعی سیاسی جێبەجێیان دەکات، لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهانی ئازاد بە ڕاشکاوی پشتگیرییان لێ بکرێ. بۆ ئەوەی ئاشتیەکی سەقامگیر بەرقەرار بێ، پێویستە نەخشەی جیوپۆلیتیکی سەردەمی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ لەم ناوچەیە دەستکاری بکرێ. بە درووستبوونی دەوڵەتی کوردستانی هاوچەرخ ناوچەکە ڕووبەڕووی مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانی دەبێتەوە، کە هەڵگری گەشەسەندن و دیموکراسیە، ئەم مۆدێلە نوێیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی دەبێ لەسەر گۆڕینی سیستەمی سانترالیزم وەکو شێوازێکی حوکمڕانیی کۆن لە ناوچەکە.





حاجی ئاغا زراری:

## ئامانجە پیرۆزەکەی ڕیفراندۆم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە

هەمووومان بە ئازادی لە دایك دەبین، لە ڕوانگەی ئەم وتە بە نرخەیە پێویستە هیچ کەسێك و گەلێك ژێر دەستە نەبن و ئازاد بن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی چارەی خۆنووسینی بە گەلان داوە کە دەتوانن سەربەخۆ بن و وڵاتێکی سەر بە خۆیان هەبێت و بە ئارامی بژین. کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە لە دێرزەمانەوە غەدری لێکراوە و چەوساوەتەوە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان، بۆیە کورد هەمیشە لە خەباتتدا بووە، ڕووبارێك خوێنی ڕشتووەو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، هەر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و مەلا مستەفای نەمر و تا دەگاتە ئەمڕۆ، کە نەتەوەکەمان خاوەن پەرلەمان و حکومەتێکی خۆماڵییە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی دیکتاتۆرەکەی کورد، کورد پێی نایە ناو قۆناغێکی نوێ کە گەیشتینە ئەو ڕۆژە زۆربەی وڵاتان بوونەتە دۆستی کورد بە وڵاتە زلهێزەکانیشەوە، دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل نێوان سەرکردایەتی کورد و فەشەلهێنانی شەراکەت لەگەڵ حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی کورد بڕیاری ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، لە سەرەتادا زۆربەی وڵاتان نارازی بوونی خۆیان بەرامبەر ڕیفراندۆم نیشاندا، کە بە بیانووی ئەوەی کاری تیرۆرستی زیاتر دەبێت و کەچی جەنابی سەرۆك لەو هەوڵەی بەردەوام بوو و تا سەرکەوتین. لە هەموو لایەکیش پاڵەپەستۆ خرایە سەر کورد بۆ ئەنجام نەدانی ڕیفراندۆم و بەڵام بێ سوود بوو، ڕیفراندۆم بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ بەردەوام بوو و بەردەوامیش دەبێت، بە هیوای هاتنەدی ئامانجە پیرۆزەکانی ڕیفراندۆم کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە. ■

ئازاد مەحەمەد سورچی:

## کێشەی سەرەکیمان دوژمن نییە، کێشەی گەورەمان ناتەبایی ناوخۆیە



زۆر لە مێژە گلەیی لەباب و باپیرانمان دەکەین و دەڵێین بۆ نەبووین بە خاوەن دەوڵەت، لبەر ئەوەی دەیان هەلی باشیان بۆ هەڵکەوتووە و نەیانتوانیوە بیقۆزنەوە، ئێستاکە دەزانم بۆ نەبووین بە دەوڵەت. واتە کێشەی سەرەکیی ئێمە دوژمنان نییە، بەڵکو کێشەکەی ئێمە ناتەبایی ناوخۆیە و لەناوخۆدا نەمانتوانیوە یەك بین، دوژمنەکانیشمان هەموو کاتێك ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە بۆ لەناوبردنی خەونەکانمان. بۆیە ئەوڕۆکە باشترین شت یەکبوونمانە و پێویستمان بە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینەی نێوان لایەنەکان هەیە، ئەگەر وانەکەن، دوژمنەکانمان ئەو هەلەش دەقۆزنەوە و خەونی سەدان ساڵەی تێکۆشان و خەبات و قوربانیدانمان دەخەنە ناو گۆڕ. ■





# فیستیڤاڵی رەنگەکان لە کوردستان و جیهان

کەلتووری فیستیڤاڵ سازدان و ئاهەنگی بە کۆمەڵ و جەماوەری، لە ئەورووپا بۆتە بۆنەیەکی گشتی و ساڵانە ئەو جۆرە فیستیڤاڵ و کۆکردنەوە جەماوەرییانە ئەنجام دەدرێن، ئەویش بەهۆی پەرتەوازەیی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەوە تا لە فیستیڤاڵ و ئاهەنگەدا ئاشنای یەکتر بن، دواهەمین فیستیڤاڵ لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوە چوو، کە لە شەقامەکانی (نۆتینگ هێل) لە شاری لەندەنی بەریتانیا گەورەترین فیستیڤاڵ بەناوی (پەڕموچ و رەنگ) سازکرا، ئەو فیستیڤاڵە ساڵانە ئەنجام دەدرێت، لە کوردستانیش فیستیڤاڵی رەنگەکان لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە کەشێکی ئارامدا و بە ئامادەبوونی کچان و کوڕانی کوردستان سازکرا، کە رێورەسمەکەیان زیاتر جوان و رازاوەتر کرد، لە فیستیڤاڵەکەی ئەوان و کەرنەڤاڵەکەی خۆماندا، چەندین باڵۆنی رەنگاوڕەنگ و بەکارهێنانی بۆیە لەسەر روخسار و جەستە و کەرەستە و جلوبەرگ، جوانترین دیمەنەکانی فیستیڤاڵی رەنگەکان بوون.







# جل و بەرگ بۆ گ

گرنگیدان بە گیانداران و ئاژەڵان، وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی دادەنرێت، رۆژانە دەیان هەواڵی کار و هاوکاری گیانداران لە جیهاندا بڵاودەکرێنەوە کە زۆربەیان هەست و سۆز دەهەژێنن، بەڵام ئەوەی ئەو پیاوە پیرە ئەنجامی دەدات، شتێکی نامۆ و ناوازەیە، ئەو پیاوە ناوی (ئەلفرێد دایت) و خەڵکی وڵاتی ئوستڕالیایەو تەمەنی (١٠٩) ساڵە، ماڵی لە نزیك کەنداوی (فیلیپ)ە، لەو شوێنەدا گیانداری بەتریق زۆربەی بێچووەکانیان جێدەهێڵن تا گەورە



## کەروێشکێک یاریزانی یاری باسکەیە


هەندێ لە گیانداران، لاسایی مرۆڤ دەکەنەوە، بە قسەکردن وەك تووتی، یان جوولەی سەیریان هەیە وەك مەیموون و کەنگەرۆ، یان یاریکردن وەك دۆلفین و فیل، بەڵام ئەمجارەیان حاڵەتێکی دیکەی سەیر دەرکەوت، ئەویش کەروێشکێکە حەزی بە یاری تۆپی سەبەتەیە، ئەو کەروێشکە لە ئەمریکایە و خاوەنەکەی ناوی (شای ئاسور)ە و ئەو کەروێشکەی بە بچووکی لە باخچەی ئاژەڵان هێناوەو ناوی ناوە (بینی)، بینی تەمەنی پێنج ساڵە، بەهۆی ئەوەی خاوەنەکەی هێندە سەیری خولی یانەکانی تۆپی باسکەی ئەمریکا دەکات، وایکردووە کەروێشکەکەشی حەزی لەو یارییە بێت، هەر بۆیە ئەو بیرۆکەی بۆ هاتووە و گۆڕەپانێکی بچووکی هاوشێوەی یاری باسکەی بۆ کەروێشك دروست کردووە و تۆپێکی بچووکیشی بۆ داناوە، بە ڕاهێنان و وانەی جەستەیی بە کەروێشك، ئێستا کەروێشك فێری یاری بووە و دەزانێ تۆپەکە بخاتە ناو سەبەتەکە، بەمەش دەبێتە یەکەم کەروێشکی یاریزانی یاری باسکە.

## بەردە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی زەوی

ژێر زەوی هەزاران کانزا و ماددەی بەسوودی تێدایە، کە دەگوترێ سەرچاوەی زۆربەیان گڕکانەکانی ناو گۆی زەوییە، جیۆلۆجیناسی ئەمریکی (دیانا گرین)، سەدان بەرد و ماددەی پێکهێنراوی لە ژێر زەویدا دۆزییەوە، کە هەندێکیان هێندە جوانن کاتێك بەرچاوت دەکەون بۆ ماوەیەك سەرسامت دەکەن، جوانیی ئەو بەردانە لەوەدایە، هەندێکیان وەك ئەوەی سەرچاوەیەکی ڕووناکی تێدابێت، بەشێکی دیکەیان هاوشێوەی ئەڵماس و شووشەن، جۆرێکی دیکەیان شێوەی ئەندازەیی نایاب پێکدەهێنن، هەموویان مایەی تێڕامانن، ئەو جۆرە بەردانە بە نرخن و ئێستا وەك سەرچاوەیەکی جیۆلۆجی دادەنرێن، دیارترینیان بریتین لە: Azurite،Rose Quartz Geode، Titanium Quart،Bismuth، Fluorite،Opal Fossil، Sunset، Fire Opal، Luz Opal .With Galaxy Inside









## ـــــــیاندارانی کێوی

دەبن، یان هەندێکیان دایك و باوکیان نامێنن و بێکەس دەبن، ئەو پیاوەش هەستاوە بە چاودێریکردنی ئەو بێچووە بەتریقانە، هەروەها جلوبەرگی جوانیشی دووریوە بۆیان تا لە سەرما و پیسی بە دوور بن، تا ئێستا نزیکەی (٣٢٠٠) پارچە جلی بۆ بەتریقەکان دووریوە و لەبەر بەتریقەکانی کردوون، ئەو پیاوە، لە پێشوودا لەلایەن خوشکەکەیەوە فێری دروومانی جلوبەرگ بووە، ئەویش ئەو کارەی وەك هەنگاوێکی خێرخوازی بۆ گیانداران بەکارهێناوە.



## پەند و وتە

ئۆسکار وایڵد، گەورە نووسەری شانۆیی ئیرلەندی، ساڵی (١٨٥٤) لە شاری دەبلنی ئیرلەندا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٠٠) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی فەرامۆشکردن و لێبوردەیی گوتوویەتی: هیچ شتێك لەوە کاریگەرتر نییە، کاتێك لە دوژمنانت خۆش دەبیت، یان بە تەواوی فەرامۆشیان دەکەیت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە، باس لەوانە دەکات، کە خیانەت لە خۆیان دەکەن، نموونەکەش تەورێکە کە دەسکەکەی دار دروست کراوە و زۆربەی دارەکانی دیکەی بڕیوەتەوە.

## سەیرترین مۆدی پانتۆڵ



ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مۆدەکانی جلوبەرگ بەرهەمی جوانتر بەرهەم دەهێنن، هەندێ جاریش جۆرە مۆدەیەك دروست دەکرێ کە مایەی سەرسوڕمانن، وەك ئەو پانتۆڵەی کە هاوشێوەی ڕانی مریشکە، ئەو جۆرە پانتۆڵە بە مۆدی (Drumsticks) ناسراوە، بەشی سەرەوەی لای ڕانەکان کراوەیە و لەلایی سەر چۆکەکانەوە تەسك و باریك دەبێتەوە، ئێستا بۆتە مۆدێکی تایبەت و لە نمایشەکانی شاری میلانۆی ئیتاڵیاش نمایشی بۆ کراوە، ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە یەکێك لە مۆدەکانی جلوبەرگی ئاسایی ڕۆژانە و یاد و بۆنەکان.



## فێلکاری وێنە

لەم وێنەیەدا، دوو کەس دیارن، یەکێك لە سەرەوە و ئەوەی دیکە لە خوارەوە، هەوڵبدە بزانیت کامەی شوێنی خۆیەتی و ڕاستە و کامەی کاری فێڵکاری بۆ کراوە !

## باخچە لەسەر خانوو

بەهۆی کەمیی ڕووبەری خانووەکەی و نەبوونی شوێنی باخچە لەبەردەم ماڵەکەیدا، هەروەها حەزی بە هەبوونی باخچە لەماڵەکەیدا بیری لە داهێنانێکی تازە کردەوە، پیاوێکی چینی بیری لە دروستکردنی باخچەیەکی بچووك لەسەر بانی خانووەکەی بە سەرکەوتوویی دروست کرد، ئەو پیاوە ناوی (سید جاو)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەوڵبدە کارەکانت بە گوێرەی توانای خۆت جێبەجێ بکەیت و خۆت زیاتر ماندوو مەکە، ماوەیەکە کێشە و گرفتت هەن، دەبێ ئارام بگریت تا بە ئەنجامی گرفتەکان دەگەیت، گرفتێك لەخۆشی ژیانی کردووی، ئەگەر وریا نەبیت ماوەیەکی درێژ لەناویدا دەمێنیتەوە، دوودڵ مەبە لە کارەکانت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کارەکانت دوامەخە و ئەوەی پێتدەکرێت هەوڵی بۆ بدە، کەسێکی سەرکەوتوو و زیرەکی، کەسێك یارمەتیت دەدات، وا باشترە فەرامۆشی نەکەیت، ئەگینا زۆر دەستکەوتی گەورەت لەکیس دەچێت. داوای هاوکاری و یارمەتی لە دڵسۆزانت بکەو خەرجییەکانیشت کەم بکەوە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و هەموو کارەکانت ڕاگرتووە و چاوەڕێی داهاتوو دەکەیت، دەست پێبکەوە و کەسانێك کە لەبارەی ژیانی تایبەتی تۆوە لەگەڵت دەدوێن، مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە قۆناغێکی باشت بڕیوە و کەمی ماوە، دڵنیابە بەخەونەکانت دەگەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەمیشە بە دوای باشترین هەنگاوەکاندا بگەڕێ و پاشان کاری لەسەر بکە، باشتر وایە کە گوێ لە هەموو کەسێک نەگریت و شتی تایبەتیت نەدرکێنیت بۆیان. ماوەیەکی زۆرە بەمەبەستی بەجێهێنانی خەونەکانت لەهەوڵ و کۆششدایت، بۆیە پێویست ناکات سارد ببیتەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

نیازت پاکە و هەمیشە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە ڕێکی مامەڵە دەکەیت، هەوڵبدە گەشبین بیت و لەو دوودڵییە دوور بکەویتەوە، لەم ڕۆژانە پێشنیارێکی گرنگت دەخەنە پێش، پێویستە بە جوانی و زیرەکی لێی ورد ببیتەوە، چونکە چەند هەڵەیەکی تیایە ئەگەر ڕاستی نەکەیتەوە ئەنجامی باش نابێت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەوەی پێویستە لەسەرت جێبەجێی بکە، کەسێکی بەتوانا و زیرەکی، بۆیە متمانەت بە خۆت بێت، هەمیشە گوێڕاڵی کەسانی لە خۆت گەورەتر بە و وانەیان لێ وەربگرە، بەڵام ئەگەر بۆت باش نەبوون، لێی دووربکەوە، لەباری ئابووریشدا دەستکەوتەکانت بەرەو زیاتر دەچن.

## یاری وێنە



لەم وێنەیەدا، کەسێك دەیەوێت بگاتە ناوەڕاستی ڕێڕەوەکان، هەوڵبدە ڕێگەی ڕاستی بۆ بدۆزیتەوە و بە ناوەڕاستەکە بگات.

## پوختەی فیلم

### تا دواترین دووری – Beyond

فیلمێکی زانستی و فانتازیایە، باس لە هێرشێکی لەناکاوی لە بۆشاییەوە بۆ سەر زەوی دەکات، کە لە شوێنێکەوە بەناوی (کراڵ) بە سەرپەرشتی دیکتاتۆرێك هاتوون. کراڵ ئەو کەسەیە کە لەلایەن (ئیدریس ئێلبا) ڕۆڵی گێڕاوە، دواتر لەلایەن تیمێکی مرۆڤەوە بە سەرکردایەتی کرێك کە ڕۆڵەکەی لەلایەن (کریس پاین) گێڕاوە بەرەنگاری دەبێتەوە و هێرشەکەی تێکدەشکێنێت. ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (٢) خولەکە، لە دەرهێنانی (جەستن لین) و بودجەکەشی (١٥٠) ملیۆن دۆلار و داهاتەکەشی (٣٤٥) ملیۆن دۆلار بووە.



## جیاوازی وێنە



- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !

## نوکتە



کوڕ و کچێك خۆشەویست دەبن، جارێکیان کچەکە دەیویست کوڕەکە باسی خۆشەویستی و هەستی بۆ بکات و بە کوڕەکە دەڵێ: وشەیەکم پێ بڵێ هەموو گیانم تەزووی پێدا بێت و بملەرزێنێت! کوڕەکەش دەڵێ: کارەبا!

## ...ووەکەی دروست دەکات

...ەو تەمەنی (٦٨) ساڵە، بەهۆی گرنگیدانی بە باخچە، بەشی سەرەوەی خانووەکەی کردۆتە باخچەیەکی خۆش و ناوازە، نزیکەی (٨) هەزار دۆلاری لە دروستکردنی ئەو باخچەیە سەرف کردووە و هەموو پێداویستییەکی باخچەیەکی ئاسایی وەك: ئاو و خۆڵ و ڕووناکی و کورسی و مێزی بۆ دابین کردووە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە زۆر بیر دەکەیتەوە، هەر بۆیە هەست بە بێزاری دەکەیت، ئەو پرۆژەی کە بیری لێ دەکەیتەوە، جاری وازی لێبێنە، چونکە شتی لەوە گرنگتر لە پێشە و فەرامۆشت کردووە، ئاگاداری هەڵسوکەوتی دڵخوازەکەت کە بە هەڵەتدا نەبات. کەسێکی نزیکت هاوکاری بێ بەرامبەرت دەکات

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی شیاوی بۆ کارەکەت، بەڵام کاتەکانت دیاری بکە و ئەوەی لەسەرتە کاری جدیتری بۆ بکە. پێویستە لە ڕوانگەی خۆتەوە سەیری کەسانی دیکە نەکەیت، چونکە ئەوان وەك تۆ بیرناکەنەوە، لەم ماوەیەدا نییەتی کەسێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز بڕوات نەدەکرد ئاوا بێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خەریکی ژیانی خۆت بە و واز لە کەسانی دەوروبەرت بهێنە، ماوەیەکە کەسێك چاوەڕێت دەکات، هەوڵبدە کە بزانیت ئەو کەسەی کە بە بەردەوامی هاتوچۆت دەکات و لێت دەپرسێتەوە، لەونەیە مەبەستی پاداشتدانەوەی چاکەکانی تۆ فێت، بەڵام بەو جۆرە زوو لێی دڵنیا مەبە، پێویستە سنوورێك بۆ پەیوەندییەکانت دابنێیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەم ماوەیەدا تووشی کێشە بوویتەوە کە لە ئەنجامی چاکەیەك بوو بۆ کەسانی دەوروبەرت، هەندێ جار هەڵە دەکەیت، بەڵام هەوڵبدە زوو هەڵەکەت چاك بکەیتەوە، دڵی ئەو کەسە مەشکێنە کە لەم ڕۆژانەدا بە ڕاشکاوی داوات لێ دەکات یارمەتیت بدات، بۆ ئەوەی لەئاکامدا پەشیمان نەبیتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بڕیاری بە پەلە مەدە و هەنگاوەکان بە نەرمی بهاوێژە، ڕەنگە ماوەیەکە هەست بە نائارامیی ژیانت دەکەیت و ئەوەش کاتییە و دەڕوات، نابێت لەو کەسانە زویر بیت کە ئامۆژگاریت دەکەن، چونکە مەبەستیان سەرفرازی و سەرکەوتنی تۆیە، بۆیە وا باشترە سوپاسیان بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەسێکی بەتوانای و دەتوانی زۆربەی کارەکانت بە ماوەیەکی کەم جێبەجێ بکەیت، پەلە مەکە، بەم شێوە ڕەفتارکردنەت ناگەیتە ئامانجەکانت، پەیوەندییەکەت لەگەڵ هاوڕێکانت گونجاو نییە، وا باشترە بەخۆتدا بچیتەوە، لەبەرەوەی هیچ مرۆڤێك نییە هەڵە نەکات، لێبوردن بەڵگەی دڵفراوانی تۆیە.